# پرۆتۆکۆڵێك بۆ حەرامکردنی عیشق

کرمانج عەلی
kirmanjali@yahoo.com

لە لایمەنی یاری کۆتایی خولی خولیاکان دەچی
ئالایەکی سوورت بە دەستەو ناوێرم هیچ بنووسم
بە فییکەی ئۆفساید دەمهێنیتەوە و فاوڵی شکاندنی تابووم لێدەگری
ئیمزای پرۆتۆکۆڵێکی هێندە پڕ مەرجت پێکردووم
ناوێرم سەیری سێوەکانی باخچەی ماڵی خوا بکەم
دەترسم فیردەوس داشم بکەیت و دیسان بکەومەوە ژێر وێرانەی هەڵوەرینی خونچەکان
بۆ هەر وشەیەك دە چاویلکە بەکاردەهێنی و
سەد جار لە تاقیگەی مەعقولیەت تێستی دەکەی
لە پرۆتۆکۆلێکی نابەرابەر
پێم دەڵێی
ئەگەر دەستت دایە بەفر مەڵێ ساردە
ئەگەر لە نیشتمانی خەونەکان ژووری هوتێلێکت گرت مەڵێ پێکێك شەرابی ئەڤینم پێویستە
لە پرۆتۆکۆڵی تەحریمی عیشق
دوای هەڵکشان بەسەر بێستوونی مەحیبەت
بۆم نیە قومە ئاوێك لە چاوی کانیلەی ئەڤین بخۆمەوە
ئای چەند دڵم بەو پرۆتۆکۆڵە خۆشە
کە هێڵی سووری بۆ ماچ و لێو و تێکەلاوی هەناسەو
شانەکردنی قژی دوای شێوان داناوە
دەزانی بۆ.......
چونکە لە نێوان موریدێك و خواوەندی عیشق نووسراوە
نازانم .... ئاخۆ
رۆژێك دێ یاخی ببم و بڵێم
مالاوا .............
پێش ون بوونم پێت بڵێم
برۆ ئەدرێسەکەم لەو خونچانە وەربگرە کە هێشتا ماڵی
خۆشیان ناناسن.................